# خزمەتێکی مەزن بۆ هەژاران: کیلۆی گۆشت بە یەک دۆلار



دوو گۆشتفرۆشی میسری دانیان بەوە نا، کە نزیکەی دوو ساڵە خەریکی فرۆشتنی گۆشتی کەرن بە خەڵک، کە لەو ماوەیە زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ چێشتخانە و میوانخانە بەناوبانگەکان بووە و گۆشتی زۆریان پێداون، بیانووشیان ئەوە بووە، کە ئەوە خزمەتێکە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و هەژار، چونکە نرخی یەک کیلۆیان تەنها بە ٥ جونەیهی میسری (یەک دۆلار) داوە.

ئەو دوو تۆمەتبارە ( مەحمود ئەحمەد و وەسفی ساویرس)، سەرەتا لە سەگی تۆپیوەوە دەستیان بەو کارەیان کردووە، پاشان بەهۆی گۆشتە زۆرەکەیەوە، کەریان بۆ ئەو پیشە قێزەونەیان هەڵبژاردووە.

دەزگاکانی ئاسایشی میسر، هەردوو تۆمەتباریان لە نێو گەڕەکێکی میللی دەستگیرکرد، کاتێک بەوپەڕی دلخۆشییەوە، کەلاکی دوو کەریان پارچە پارچە دەکرد و وەکوو رۆژانە بەنیازبوون بیخە نێو کیسەکانی تایبەتەوە و پاشان دابەشکردنیان بەسەر ئەو چێشتخانە و لۆکەندانەی کە بەجۆشەوە چاوەڕێی بوون.

# سێ گێلترین دز لە سعودیە ئاشکرا بوون

گێلایەتی سێ دز بووە هۆی ئاشکرابوونی تاوانەکەیان لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسی سعودیە. ئەو سێ دزە دوای ئەوەی دەچنە قوتابخانەیەکی ئەهلیی و نزیکەی پەنجا هەزار ریالی سعودی دەدزن، بۆ خۆشی و یادگاری بەهۆی کامێرای مۆبایلی یەکێکیان، وێنەیەکی سێقۆڵی دەگرن.

پاشان یەک لەو دزانە، مۆبایلەکەی دەفرۆشێت و ئەوە لەبیر دەکات، کە ئەو وێنەیە رەش بکاتەوە، بۆیە یەکسەر ئاشکرا دەبن و دەستگیر دەکرێن.

# هەندێک وتەی ئیتاڵیایی لەسەر هاوسەرگیریی و ئافرەت

- لە مانگی ئازار شوو مەکە، چونکە شوومە
- بووکی تەڕ، بووکێکی شانسدارە (مەبەست ئەو بووکەی کە لە رۆژی بووکێنی بارانی بەر دەکەوێت).
- ئافرەتی باش، پیاوی باش دروست دەکات.
- ئافرەت کلیلیماڵە.
- ماڵ بێ ئافرەت هەژارە.